هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٧٧) لە ٢٠٢٠/١٠/٧

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤١) لە ٢٠٢٠/١٠/٧، و بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشە دارایی و یاسایی و کارگێڕییانەی بەهۆی تێکچوونی مانگانەی خەرجکردنی مووچە ڕوویانداوە، و بە ڕەچاوکردنی نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ ژمارە (١٣٢٢٩) لە ٢٠٢٠/٨/١٥، بڕیاردرا بە:

١. ڕاسپاردنی (وەزارەتی دارایی و ئابووری) بۆ خۆگونجاندن و ڕێکخستنەوە لەگەڵ خشتەی حکومەتی فیدراڵی بۆ خەرجکردنی بەشێک لە مووچەی هەرێم بە گوێرەی مانگەکانی هاتوو لە نووسراوەکانی خەرجکردن لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، بەم شێوەیە مووچەی داهاتووی سەرجەم مووچەخۆران و خانەنشینان لە هەرێم دەبێتە مووچەی مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٠.

٢. ڕاسپاردنی (وەزارەتی دارایی و ئابووری) و (وەزارەتی پلاندانان) بە هەماهەنگی (لیژنەی کاروباری دارایی لە پەرلەمانی کوردستان) و (دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان) بۆ ڕێکخستنەوەی دواکەوتنی مانگەکانی پێشووی مووچە لە هەرێم کە لە ساڵی ٢٠١٧ەوە دەستی پێکردووە بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە حکومەتی فیدراڵی هیچ بڕە پارەیەکیان بۆ هەرێم خەرج نەکردوە بۆ مانگەکانی (ئایار، حوزەیران، تەمموز)ی ساڵی ٢٠٢٠، سەرەڕای کەمکردنەوەی خەرجکراوی مانگی نیسان/٢٠٢٠ لە (٤٥٣) ملیار دینار بۆ (٤٠٠) ملیار دینار، و بۆ مانگی ئاب/٢٠٢٠ بۆ (٣٢٠) ملیار دینار.

٣. ئەم بڕیارە تەنها بۆ مەبەستی ڕێکخستنەوەی پێدانی مووچەیە لە هەرێم بەپێی خشتەی مانگانەی پەیڕەوکراو لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە نەک فەوتاندنی شایستە داراییەکانی مووچەخۆران و خانەنشینانی هەرێم.

٤. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران